هەریەکێک بچێتە بەهەشتەوە حەز ناکات بگەڕێتەوە بۆ دونیا ئەگەرچیش هەموو دونیای پێبدرێت جگە لە شەهید نەبێت، هیوا دەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ دونیا، بۆئەوەی دە جاری تر بکوژرێت؛ ئەمیش بەهۆی ئەو ڕێزلێنانەی دەیبینێت

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەریەکێک بچێتە بەهەشتەوە حەز ناکات بگەڕێتەوە بۆ دونیا ئەگەرچیش هەموو دونیای پێبدرێت جگە لە شەهید نەبێت، هیوا دەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ دونیا، بۆئەوەی دە جاری تر بکوژرێت؛ ئەمیش بەهۆی ئەو ڕێزلێنانەی دەیبینێت». ولە گێڕانەوەیەکدا: «بەهۆی بینینی فەزڵ (وپاداشتی) شەهیدبوون».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هیچ کەسێک نییە کە بچێتە نێو بەهەشتەوە وحەز بکات لە بەهەشت دەربچێت وبگەڕێتەوە بۆ دونیا جارێکی تر، ئەگەر هەرچی لەسەر زەویش هەیە پێی بدرێت لە گەوهەر وگەنجینەی بەنرخ وکۆشک وتەلار وباخی ڕازاوە وقەشەنگ، بەڵام چینێک لە خەڵکی حەز دەکەن بگەڕێنەوە ئەوانیش بریتین لە شەهیدەکان، حەز دەکەن بگەڕێنەوە بۆ دونیا دە جاری تر بۆئەوەی جیهاد وتێکۆشان ئەنجامبدەن لە پێناوی خوای گەورە و دە جاری تر سەرفرازی شەهید بوون بەدەست بهێنن لە جیاتی یەک جار؛ ئەمیش بەهۆی ئەو فەزڵ وڕێزلێنان وبەخشینانەی دەیبینن کە دەدرێت بە شەهیدەکان لە بەهەشتدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3864